# زەکاتی سەرفیترە بەو شێوەی کە لە سوننەتدا هاتووە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود

**پێداچوونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ زكاة الفطر كما وردت في السنة ﴾

« باللغة الكردية »

عرفان أحمد كاكه محمود

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## زەکاتی سەرفیترە بەو شێوەی کە لە سوننەتدا هاتووە

بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە زەکاتی سەرفیترە دەکەین:

یەکەم: حوکمی سەرفیترەو حیکمەتەکانی.

دووەم: ئەو شتەی کە دەبێت بدرێ لە سەرفیترەدا.

سێیەم: ئەندازەکەی.

چوارەم: کاتی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە.

پێنجەم: شوێنی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە.

**یەکەم/ حوکمی سەرفیترە:** دەرکردنی سەرفیترە فەرزەو پێغەمبەری خوا "صلی اللّٰه علیه وآله وسلم" لەسەر ئوممەتەکەی فەرز کردووە، وەك لە فەرموودەی "عبداللّٰه کوڕی عومەر"دا هاتووە "ڕەزای خوای لەسەربێت" دەڵێ: ((فرض رسول اللّٰه "صلی اللّٰه علیه وآله وسلم" زكاة الفطر صاعا من تمر، أو صاعا من شعير)). رواه البخاری. واتە: پێغەمبەری خوا "درودی خوای لەسەر" زەکاتی سەرفیترەی لەسەر

ئوممەتەکەی فەرز کرد، بە دەرکردنی مەنێك لە خورما، یان مەنێك لە جۆ.

هەروەها ئەبو سەعید "ڕەزای خوای لەسەر" دەڵێ: ((کنا نخرجها على عهد الرسول "صلى الله عليه وآله وسلم" صاعا من طعام، وكان طعامنا التمر، والشعير، والزبيب، والأقط)). رواه البخاری. واتە: ئێمە زەکاتی سەرفیترەمان دەر دەکرد لە زەمەنی پێغەمبەری خوادا "درووددو سلاَوی خوای لەسەر" بە بری مەنێك لە خواردن، وە خواردنی ئێمەش بریتیی بوو لە: خورما، جۆ، مێووژ، شیری وشکەوە بوو وقاڵب کراوە، کە ئێستا پێی دەڵێن: کەشك.

ئەمە حوکمی سەر فیترە بوو کە فەرزە لەسەر تاکە تاکەی هەموو موسڵمانێکی ئەم گۆی زەوییە، بە مناڵ و گەورەو پیرو گەنج و ژن و پیاویەوە، بەلاَم ئەو مناڵەی کە هێشتا لە سکی دایکیدایەو لە داییك نەبووە، ئەوە لەسەری واجیب نییە کە سەرفیترەی بۆ بدرێ، هەر چەندە ئەگەر مرۆڤی موسوڵمان لە بری ئەو مناڵەیش کە هێشتا لە داییك نەبووە سەرفیترە بدات ئەوە کارێکی باشی کردووەو بە قازانجی فەقیرو هەژار دەشکێتەوە، وەك لە ڕیوایەتدا هاتووە کە ئەمیری موسوڵمانان عوسمانی کوڕی عفان "ڕەزای خوای لەسەر" ئەو کارەی کردووە.

وە حیکمەتی سەرفیترەش: لە فەرموودەی ڕاست و درووستدا هاتووە کە ئیبن عباس دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ((فرض رسول الله "صلى الله عليه وآله وسلم" زكاة الفطر

طهرة للصائم من اللغو والرفث، وطعمة للمساكين)). رواه أبوداود وابن ماجة، وصححه الالبانى. واته: حيكمەتى فەرزكردنى زەكاتى سەرفيترە بۆ پاككردنەوەى رۆژووەوانە لە هەر قسەو باسێك كە هاتبىَ بە دەمياو كردبێتى، چونكە بێگومان هيچ كات مرۆڤ بىَ هەڵەو پەڵە نييە، بۆيە ئەم زەكاتى سەرفيترەيە كەفارەتى ئەو شتانە دەبىَ كە تووشى مرۆڤەكان دەبێت لەو مانگە پيرۆزەدا، وە خواردنەكە ش دەبێتە خێرو قازانجى هەژارانيشى تێدايە.

**دووەم/ ئەو شتەى كە دەبێت بدرىَ لە سەرفيترەدا:**

ئەو شتەى كە دەبێت لە سەرفيترەدا بدرێت "طعمە"يە، واتە: خواردنە، وەك لەفەرموودەكەى ئەبوو سەعيد دا هاتبوو. جا هەر بۆيە "ئيبن عومەر"يش "رەزاى خواى لەسەر" بە واجيبيى داناوە كە دەبىَ هەر خواردن بێت وەك ئەوەى كە لە فەرموودەكەى پێغەمبەرى خوادا هاتووە، شێخ عوسەيمينيش "بەرەحمەت بێت" لەم بارەوە قسەو باسى خۆى هەيەو دەڵىَ: لەسەر دەمى پێغەمبەرى خوادا "دروودى خواى لەسەر" پارەو ئاڵتون و زيو هەبووە، بەلاَم كە خۆى فەرموويەتى مەنێك لە خورماو جۆ، يان مێووژو شيرى وشكەوە بوو بۆ سەر فيترە دەربكەن، ئيتر ئەمەيان قسەى تێدا نييەو وتەى پێغەمبەر "دروودى خواى لەسەر" لەسەرووى هەموو وتەيەكەوەيە.. بۆيە بەلاى زۆرينەى زانايانەوەو بە هەر چوار مەزهەبەكەشەوە، "بێجگە لە هەندێك زانايانى دواترى مەزهەبى ئەبوو حەنيفە" ئەوەى كە واجيبە دەربكرىَ بۆ سەرفيترە دەبێت خواردن بێت، نەك پارە.

**سێیەم/ ئەندازەکەی:** وەك ئەوەی ئیبن عومەر "ڕەزای خوای لەسەر" لە فەرموودەکەدا باسی کرد کە ئەندازەکەی "صاع"ـە، واتە: بۆ هەر کەسێك یەك ساع لە خواردن، وە جۆری خواردنەکەش بریتیی بوو لە: (خورما، مێوژ، جۆ، شیری وشکەوە بوو و قاڵب کراو)، هەر بۆیە زانایان هەر ساعێکیان "صاع" خەمڵاندووە بە (٢٤٠٠) دوو کیلۆو چوارسەد غەرام لە خواردن، وە زۆرترینی خواردنی ئێستای ناوچەی خۆیشمان برنجە، کە ئێستا باشترین برنج کیلۆی بە (٢٠٠٠) هەزار دینارە. واتە: بۆ هەر کەسێك دووکیلۆو چوارسەد غرام برنجی باش، زۆر گونجاوو شیاوە..

**چوارەم/ کاتی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە:** کاتەکەی ڕۆژی جەژنەو پێش نوێژکردنی ڕۆژی جەژنە، وەك لە فەرموودەکەی ئیبن عومەردا هاتووە: ((وأمر أن تؤدى قبل خروج الناس للصلاة)). رواه البخاري ومسلم. واتە: پێغەمبەری خوا ئەمری کرد کە سەرفیترە دەربکەین پێش چوونمان بۆ نوێژی جەژن، وە ئەم کاتە بۆ دانی سەرفیترە باشترین کاتە، بەلاَم درووستە ڕۆژێك یان دوو ڕۆرژ پێش جەژن سەرفیترە بدرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك درووست نییە سێ ڕۆژ پێش جەژن یان زیاتر، یان بخرێتە شەوی (٢٧) ی ڕەمەزان یان (٢٩) ی ڕەمەزان، تەنها دوو ڕۆژ پێش جەژن ڕەوایە سەرفیترە بدرێت و نابێ لەوە زیاتر پێش بخرێت.. ئەڵبەتە ئەویش بە پێی مانگی ڕەمەزان دەبێت، ئەگەر مانگ (٢٩) بوو، واتە: درووستە سەرفیترە بدرێت لە (٢٨ و ٢٩) دا، ئەگەر مانگیش (٣٠) ی تەواو بوو، ئەوە تەنها لە ڕۆژی (٢٩ و ٣٠) دا دەتوانرێ

سەرفیترە دەربکرێت.. بەڵام ئەگەر هاتوو خرایە دوای نوێژی جەژن بەبێ هیچ عوزرێك، ئەوە کارێکی حەرامەوەو فەرزییەتی سەرفیترەکەی لە کۆڵ نابێتەوە، بەڵام ئەگەر عوزری هەبوو بۆ نموونە: لە بیری چوو بوو یان لەو کاتەدا لە دەستیا نەبوو، ئەوە دواتر دەتوانێ سەرفیترە بداتەوە..

**پێنجەم/ شوێنی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە:**
شوێنی دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە ئەو شوێنە دەبێت کە تۆی تێدایەو لەوێ نیشتە جێی، لەو رۆژەدا کە رۆژی جەژنە تۆ لە کوێ بوویت و لەکۆێ نیشتە جێ بووی، ئەوە شوێنی تۆیە بۆ ئەوەی سەرفیترە بدەیت، ئەگونجێ ئەو رۆژە تۆ لە مەککەی پیرۆز بیت، یان لە ولاَتێکی تر جەژن بکەی، ئەو شوێنە بە شوێنی تۆ دادەنرێت.

سەرچاوە:

الجامع لأحكام فقه السنة – للشيخ محمد بن صالح العثيمين،بەرگی ٢.